پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بژاردەی پێبدرایە لە نێوان دوو شتدا ئەوا ئاسانتریانی هەڵدەبژارد، ئەگەر گوناهـ نەبوایە، ئەگەر گوناهـ بوایە؛ ئەوا دوورترین کەس بوو لە کردنی

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بژاردەی پێبدرایە لە نێوان دوو شتدا ئەوا ئاسانتریانی هەڵدەبژارد، ئەگەر گوناهـ نەبوایە، ئەگەر گوناهـ بوایە؛ ئەوا دوورترین کەس بوو لە کردنی، وەهەرگیز پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ نەفسی خۆی تۆڵەی نەدەسەندەوە، مەگەر سنورێک لە سنورەکانی اللە پێشێل بکرایە، بۆیە لە پێناو اللە تۆڵەی دەسەندەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

دایکی ئیمانداران (عائیشە) -ڕەزای خوای لێبێت- باسی هەندێك لە ڕەوشتەکانی پێغەمبەرمان بۆ دەکات -صلى الله عليه وسلم-، لەو ڕەوشتانەیش: ئەگەر بژاردەی پێبدرایە لە نێوان دوو شتدا ئەوا ئاسانترینیانی هەڵدەبژارد؛ ئەگەر ئاسانترەکە گوناهی تێدا نەبووایە، ئەگەر بەم شێوەیە بووایە ئەوا دوورترین کەس بوو لێی ولەم حاڵەتەدا قورسترینی هەڵدەبژارد. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز بۆ نەفسی خۆی تۆڵەی نەدەسەندەوە، بەڵکو چاوپۆشی دەکرد ولێبوورده بوو دەرهەق بە مافەکانی؛ مەگەر سنورێک لە سنورەکانی اللە پێشێل بکرایە ئەو کاتە لەپێناو اللە تۆڵەی دەسەندەوە، وتوندترین کەس بوو لە تورەییدا لە پێناو خوای گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6389